# ڕاپۆرت نووسین



# ڕاپۆرت بۆ؟

- ڕێک کەوتن لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بۆ ڕاپۆرت نووسین دەبێتە مایەی کارئاسانی هەم بۆ نووسەر و هەم بۆ خوێنەر.
- نووسەر لەبری ڕێک خستنی شێوازی ڕاپۆرتەکە، خەریکی ناوەڕۆکی نووسینەکەی دەبێت. خوێنەریش بە ئاسانی بەشی مەبەست لە ڕاپۆرتەکەدا دەدۆزێتەوە.



www.komak.nu

# سوورەداو

- سەرەتا، دەبێ مەبەستی ئەم کارنامەیەی خۆت لێ ئاشکرا بێت.
- مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە ئاشکرا بکە
- بەمەش خودی دۆزەکە، دەبێتە ڕێبەری کار نەک بابەتی دیکە
- پاشان گەڕان بە دوای زانیاریدا و دارِشتنەوەیان بە زمانی خۆت



www.komak.nu

# بەشەکانی ڕاپۆرت

1) لاپەڕەی یەکەم / بەرگ
2) پێڕست
3) پوختە
4) کارنامە
5) کۆتا / ئەنجامگیری
6) سەرچاوەکان

# بەرگ

- له لاپەڕەی یەکەمدا ناوی کارنامەکه و
- گەر هەبێت «لاناو» (ناونیشانی لاوەکی) دەنووسیت
- ناوی کارنامەکه دەبێت ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی کارنامەکه بێت.
- له بەشی ژێرەوەی لاپەڕەکەدا، لای چەپ، ناوی خۆت و کاری خۆت دەنووسیت.

# پێڕست

- لێرەدا «سەرباس» ـەکان ڕیز دەکەیت.
- ئەگەر لە کاتی پێداچوونەوە و بژاردا سەرباسێکی نێو ڕاپۆرتەکەت گۆڕی لە بیرت بێت لە پێڕستەکەشدا چاکی بکەیت.

# پوختە

- ❖ لێرەدا بە کورتی بابەتی نووسینەکەت بۆ خوێنەر ڕوون دەکەیتەوە.
- ❖ باس لەو دۆزەش دەکەیت کە دەیکەیتە سەرشاری کارەکەت.

# کارنامە

❖ لێرەدا ئەو «فاکت» (ڕاستی) یانە دەنووسیت کە پەیوەندییان بە کارەکەتەوە هەیە و هەر لێرەشدا ئەو ئەنجامەی یێ گەیشتوویت بە شێوەیەکی ورد و بابەتەکی (ئۆبژەکتیف) پیشان دەدەیت.

❖ باسی دید و بۆچوونی خۆت لێرەدا جێی نییە.

# کۆتا / ئەنجامگیری

- لێرەدا تێبینی خۆت لەسەر کارەکە تۆمار دەکەیت.
- بە کورتی باس لە ئەنجامەکەی دەکەیت. لەوەش بترازێت دید و بۆچوونی خۆت دەنووسیت. کەواتە لێرەدا بۆت هەیە دەرفەتی گفتوگۆ بە ڕووی کارنامەکەدا بکەیتەوە.
- بەڵام نابێت فاکتای تازە لەم بەشی کۆتایەدا بێنیتە کایەوە.

# سەرچاوە

- ناوی ئەو سەرچاوانە تۆمار بکە کە بۆ ئەم کارنامەیە سوودت لێ وەرگرتوون. کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و ئینتەرنێت لەیەک جودا بکەرەوە.
- ئاماژەی دروست بە سەرچاوەکان
- ناوی نووسەر، ناوی بەرهەم (کتێب، گۆڤار...)، ناوی «وەشان» (دار النشر)، جێ و ساڵی دەرچوون و ژمارەی لاپەڕە دەبێت دیاری بکرێن.

# 1 - وردەکاری

- دەبێ زانیاریی نێو کارنامەکەت دروست بن.
- زۆر گرنگە ڕاپۆرتەکە بەرهەمی کاری خۆت بێ نەک کۆپی کردنی بەرهەمی کەسێکی دیکە. دەبێ وەها بێت کە ئامادە بیت داکۆکی لە ناوەڕۆکەکەی بکەیت.

# 2 – وردەکاری

- گەر گوتەی کەسێکی دیکە وەک خۆی بنووسیتەوە (بەمە دەگوترێت ڕاگواستە) دەبێ لە نێوان نیشانەی ڕاگواستەدا «» بنووسرێتەوە.
- پاش ڕاگواستەکە ناوی نووسەر و سەرچاوکە لەگەڵ ساڵی دەرچوون و ژمارەی لاپەڕەکە دیاری دەکەیت.
- تێبینی بکە نیشانەی ڕاگواستە جووتکەوانە «» یە و جودایە لە کەوانەی ئاسایی () کە بۆ ڕوون کردنەوە و ڕاڤە کردن بەکار دێ.



www.komak.nu

# 3 - وردەکاری

❖ مەودای نێوان دێڕەکان وەها بێت خوێندنەوەی نووسینەکە ئاسان بکات. دێڕەکان نە زۆر چر بن نە زۆر شاش. ئەمەش گرێدراوی ئەندازە و جۆری پیتەکانە.

❖ کۆپلەی تازە بە دێڕێکی بۆش دەست پێ بکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی دیار بێت کە کۆپلەی تازەیە.